سودانی نیازی خۆی بە خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق لەو دیداری سلێمانی نیازی خۆی بە خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاگەیاند، کە بەیارە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ چوارشەممە لەمیانی وتارێکدا لەو زانکۆی ئەمریکی لەو عێراق-سلێمانی، ڕایگەیاند، "ئێمە دەچینە ناو چارەکی دووەمی سەدەی بیست و یەک و وەاتەکەمان پێ بوو لە چیرۆکی سەرکەوتنی ناوازە لە هەمو گۆشەیەکیدا، لە هەمو شارێکی عێراقیشدا وەرکشپێکی ماندو نەناسانەی خزمەتگوزاری و بنیاتنەر هەیە، ژێرخانی ئابوری لە هەمو شارەکانی عێراق گۆڕی کردوە".

ئاماژەی بەوەشکرد، پێژە وەستاوەکانی میرات کەو بە کابینەی حکومەتەکەی ماوەتەوەو بە کەمتر لە 850 پێژە کەمبونەتەوە، دوای ئەوەی پێشتر ژمارەیان بە هەزاران بو، "ئێمە دەستمان بە بەرزترین پلانی بەرهەمهێنان کردوە بە دروستکردنی وەستگەی کارەبا و بە یەکەمجارە چوینە ناو پێژەکانی وزەی خەر و پاک و وزەی نوێبوەوە، هەروەها ڕێژەی وەستانی سوتانی غاز لەسەدا 70ی تێپەڕاندوە".

سودانی وتیشی، "قبوە ناکرێت کێبڕکێی سیاسی بگوازرێتەوە بە بەکارهێنانی زمانی ناوزاندن و شاردنەوەی ڕاستییەکان سەبارەت بە ئەدای حکومەت، عێراق پێویستی بە چاکسازی بوێرانە و هەمەلایەنە هەیە، بەهای ڕاستەقینەی هەر چاکسازییەک لە گەیشتنە بە گروپە هەژار و پەراوێزخراوەکان و

ڕزگارکردنیان لە چنگی هەژاریدایە".

سودانی ئاشکرای کرد کە داهاتی گومرگەکان بە ڕێژەی 128% زیادیکردوە و ڕێژەی هەناوسانی سانامش دابەزینی بەخێوە بینیوە، عێراق بە متمانەوە بڕو کشتوکاڵ و دەستبەرکردنی ئاسایشی خۆراک و گەیشتن بە خۆبژێوی بڕدەوامە.

سەرۆك وەزیرانی عێراق هەروەها جەختی لەوەکردەوە کە "عێراق هەوەستە پتەو و پرنسیپییەکانی خۆی پاراستوە، بەتایبەتی هەوەستی خۆی لەمەڕ پرسی فەلەستین و عێراق ئامادەیە ببێتە هاوبەشێکی متمانەپێکراو و بەشدارێکی کاریگەر بە سەقامگیری ناوچەکە".

سودانی نیازی خۆی بە خەکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاگەیاند، کە بەیارە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، جەختیشی لەوە کردەوە کە "هاوپەیمانییەکان لە چەند ڕێژەی داهاتودا ڕادەگەیەنرێن، هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکە بە پشتیوانیکردن لە پەژێیەکی چاکسازی لە عێراق".

هەروەها باسی لە پێوەندی نێوان بەغدا و هەولێر کرد و وتی، "بە یەکەمجار گفتوگۆکان چوێتە قۆناغی تەکنیکی و یاسایی و یاسای نەوت و غازیش بوێتە پێویستییەکی بەپەلە".